کەرکوك و رەوشی سیاسیی شارەکە بەرەو کوێ دەڕوات؟ هەڵەکانی کورد چی بوون؟ کێ بەرپرسیارە لەو پرسە؟ ڕۆڵی وڵاتانی هەرێمی چییە؟ ئەی ئەمەریکاو بەریتانیا ڕۆڵی چی دەگێڕن؟ نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاتەکایەوە؟ چیی پێدەکرێت؟ کورد خەریکی چییەو لەو گێژاوەدا دەبێت چی بکات؟

هەنگاوو پلانەکانی ئایندەی چین؟ ئایا تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوك بۆ لەکورد تۆراون؟ خەتای کامیانە؟ ئایا کورد ئاشتیاندەکاتەوە؟ ئەی ئەوان دەگەڕێنەوە؟ وادەی ١٤٠ بەکوێ گەیشت؟ کورد دەستبەرداری دەبێت و بەدیلی بۆ پەسەندەکات؟ گەر نایکات، بۆ بەجیدی کار بۆ جێبەجێکردنی ناکات؟ ئەمانە دەبنە پرسیاری دۆسیەیەك کە هاوڵاتی لەسەر مەسەلەی کەرکوك دەیکاتەوە. چەندین کەسی سیاسی و ئیداری و پسپۆڕ لەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەوکێشەیە تێدا دەدوێنێت.

کوردستان و لەدەستدانی پرسە نەتەوەییەکانی

نووسینی: د. سەلاح عەزیز
وەرگێڕانی: ئەیاد خالید

لە دوومانگی رابردوودا هەڵسوکەوتی سیاسەتمەدارانی کورد نزیکتر بوو لە هەڵسوکەوتی گروپێکی بەرهەڵستکاری بچووك لەوەی کە بەشدارێکی سەرەکی بن لە حکومەتی عێراقیدا. ئاماژەکانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتکردنەش کە خۆی لە خۆیدا ئاماژەن بۆ داکشانەوەی دەسەڵات و کاریگەریی کورد لە پرسە نەتەوەییەکانی سەر ئاستی عێراق، بە لەدەستدانی کێشەکانی نەوت، داهات و مەسەلەی کەرکوك بەرجەستە دەبنەوە. لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەوە بزانین کەوا فراوانبوونی دەسەڵات و پەهێزبوونی حکومەتی عێراقی و پالپشتی کردنی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ حکومەتی ناوەندی لەسەر حیسابی دەسەڵاتی کوردییە، بۆیە سەرکردەکانی کورد گەر بیانەوێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی کوردستان بکەن و لەهەمانکاتیشدا پێگەی خۆیان وەك هاوبەشێکی کاریگەر لە حکومەتی عێراقدا بهێڵنەوە ئەوا دەبێ کاردانەوەیان بۆ ئەم مەسەلانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا خێراتر بێت.

لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق (دوای رووخانی رژێمی بەعسی)، کوردەکان دەسەڵاتێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبوو، هەروەها خاوەن ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆیان بوون لەگەڵیٚ کێشەو مەسەلەی نەتەوەیی عێراقی. سەرەڕای ئەمەش ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ و دواتریش ریفراندۆم لەسەر دەستوور، لە بەرژەوەندی و خواستی سەرکردەکانی کورد بوون، کە سەقامگیری باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەم دەسکەوتانە. بۆیە کوردەکان خۆیان بە خاوەن هێزو دەسەڵات دەزانی لەو کاتەی کە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی وەزیران بوو، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ناوبراو لە سەر پێداگیری کوردەکان لە پۆستەکەی بەلاوەنرا. دواتر کە نوری مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیرانی گرتە دەست لە ٢٠ ئایاری ٢٠٠٦دا، ئیتر دەسەڵات و هێزی کوردەکان بەربەرە لەعێراقدا کەمتر دەبوویەوە، چونکە ئەوان ئامادەی ڕووبەڕووبونەوەی کەسێك نەبوون، کە لە بەرژەوەندیی عێراقییە عەرەبەکان کاری دەکردو هەوڵی چاککردنەوەی باری ئاسایشی عێراقی دەداو ئەنجامەکەشی، حکومەتێکی ناوەندی دەسەڵاتدارو بەهێزە.

لەوەتەی نووسینی ڕەشنووسی دەستوور، گەلێ کێشەی یەکلانەکراوە لە نێوان بەغداو هەولێردا وەك خۆی مایەوە وەك: مافی وەبەرهێنانی نەوت و غاز، کۆنترۆل و دابەشکردنەوەی سامانی نیشتمانی (ماددەکانی ١٠٨-١١٠ دەستوور)، هەروەها کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە (مادەی ١٤٠). یەکلانەکردنەوەی ئەو مەسەلانە لەگەڵ بەسەرچوونی کات بەسەریاندا لە بەرژەوەندیی حکومەتی ناوەندی بوو لە بەغدا، بەوەی کە تا تەممووزی ٢٠٠٨ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا توانی بۆچوونی خۆی لەمەڕ هەر سێ مەسەلەکە بسەپێنێت. لە لایەکەی تریشەوە کوردەکان بەچوونەدەرەوە لەهۆڵی پەرلەمانو دواتر ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە کەرکوك و شارەکانی تری هەرێم، هەرەشەی ڕەتکردنەوەی یاسای ٢٤یان کرد.

یاسای نەوت و غاز لە شوباتی ٢٠٠٧دا، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بریاری لەسەر دراو دواتریش لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێداچوونەوەی لەسەر کرا. لە یەساکەدا هاتووە ، دەبێ وەزارەتی نەوتی عێراقی کۆنترۆڵی گشت کارەکانی وەبەرهێنانی نەوتو غاز بکات و ئەرکی بەڕێوەبردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق. هەورەها یاساکە شێوازێکی تایبەتی دارشتووە بۆ گرێبەستەکان کە نابێت لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم شێوازە هیچ جۆرێکی تری گرێبەستی پەیرەویان لێبکرێت. لەوەش زیاتر وەزارەتی نەوتی عێراقی ئاگاداری گشت کۆمپانیاکانی نەوتی کردوەتەوە کە دەبێ پەیرەوی لەم یاسایە بکەن، بە پێچەوانەوە مافی وەبەرهێنانی نەوت و غازیان پێنادرێت لە عێراق. یاساي ناوبراو چەند هاوپێچێکی لەگەڵدایە، بەپێی ئەم هاوپێچانە کێڵگە نەوتییەکان بۆ چەند ئاستێکی جیاواز پۆلیندەکرێن – لەم هاوپێچانە باسی ژمارەیەك کێڵگەی نەوتی کوردستانیش دەکرێت-. کە ئەم کێڵگانەی کوردستان بە پێی گرێبەست لە نێوان هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، ماف دراوەتە چەند کۆمپانیایەکی کەنەدی، تورکی، نەرویجی و ئەمریکی بۆ کارەکانی بەدواگەران و دەرهێنانی نەوت. ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بەم مەسەلەیە پەسەند کردو داواشی لەحکومەتی عێراقی کرد بۆ پەسەندکردنی گرێبەستەکانی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، کە دواتر بووە هۆی پەیدابوونی گرژی لە نێوان هەولێرو بەغداو گۆڕینەوەی لێداوانی توند لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی نەوتی عێراقی و کێشەکە هەر یەکلانەکرایەوە. لەوەش زیاتر ڕەشنووسی یاساکەی کوردستان لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی ڕەتکرایەوە، چونکە ئەندامەکانی لیستەکانی عەرەبی سوننە لە پەرلەمانی عێراقیدا پێیانوابوو ئەم یاسایە دەسەڵاتو مافێکی زۆر دەداتە کۆمپانیا بیانییەکان لە عێراقدا. دواتریش حکومەتی ناوەندی لە عێراق بانگێشتی کۆمپانیا نەوتییەکانی کرد لە جیهان بۆ بەکارخستنی کێڵگە نەوتیەکانی لە سەر بنەمای گرێبەستی راستەوخۆ (ئەو گرێبەستانەی کە بێ کەمکردنەوەی ئاشکرا دەکرێن)، کە زیاتر لە ٣٥ کۆمپانیای زەبەلاحی بەریتانی، چینی، هۆلەندی، روسی و ئەمەریکی بەدەنگ بانگێشتەکەی حکومەتی عیراقییەوە هاتنو کەوتنە کێبرکێ بۆ کارکردن لەعێراقدا. هەر لەئەنجامی ئەمەشدا توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا گەیشتە ٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە ئەم زیادبوونە لە بەرهەم هاوکات بوو لەگەل بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ ١٤٠ دۆلار بۆ یەك بەرمیل لە تەممووزی ٢٠٠٨دا. بەم ستراتیژیەتە بەغدا توانی داهاتی نەتەوەیی بە تایبەت داهاتی نەوت باشتر بکات. ئەوە لە کاتێکدا کە ڕاپۆرتی تایبەتی وزەی ئەمەریکی لە مانگی ئابی ٢٠٠٧دا ئاماژەی بەوە دابوو کەوا سەرکردە کوردەکان ڕێژەی ٤٥٪ لەو گرێبەستە نەوتییانەی کە مۆری دەکەن بۆ خۆیان دەگێڕنەوە.

حکومەتی عێراقی دەستیکرد بە پەرەپێدانی بودجەی نیشتمانی لەسەر بنەمای دەستوور، کە بودجەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتە زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار «ئەمەش بەرزترین بودجەیە لە مێژووی عێراق»، هەروەها پێشبینی دەکرێ لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بگاتە سەرووی ٧٠ ملیار دۆلار. سەرەڕای ئەوەشی کە تائێستا دیار نییە ئەم داهاتە چۆن بەسەر دانیشتوان یان ناوچەکان دابەشدەکرێتەوە و کێ بەرپرس دەبێت لە ڕێکاریەکانی داواکردنو ڕاکێشانی داهات!!. گەر بەشی کوردستان لەو داهاتە ١٣٪ بێت – لەسەر بنەمای بەرنامەی خۆراك بەرامبەر نەوت- کەواتە بەشی کوردستان لە پارە زیاتر دەبێت لە ٥ ملیار دۆلار بۆ ساڵی ٢٠٠٧و ٩ ملیار لە ٢٠٠٨ دا. لەگەڵ ئەوەشدا بودجەی کوردستان هەر بە نادیاری ماوەتەوە، چونکە داهاتی ئەو هەرێمە لە باج و تەعریفەو نەوت بۆ بەغدا ڕوون نەکراوەتەوە. بۆیە بەغدا بە نیازە گشت داهاتی نیشتمانی لە عێراق بخاتەوە دەست حکومەتی ناوەندی، ئینجا دووبارە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابەشیان بکاتەوە. بەم جۆرە ڕوودانی هەر گرژیەکی سیاسی مانای ڕاگرتنی داهات بۆ ئەو هەرێمە دەگەیێنێت.

کاتێك کە مادەی ١٤٠ـی دەستوری عێراق شوێنی مادەی ٥٨ ـی یاسای حکومەتی کاتەکی گرتەوە کە تایبەتە بە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك، لەرێگای گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئەنجامدانی سەرژمێری و ئینجا ریفراندۆم لە کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی کە کێشەیان لە سەرە بۆ زانینی خواستی دانیشتوانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بە یەکسانی بەسەر هەرسێ نەتەوە سەرەکییەکانی کەرکوك: کورد و عەرەب و تورکمان دابەشبکرێت لە بری ئەنجامدانی ریفراندۆم. هەر بۆیەش ئەندامەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژووری پەرلەمانیان جێهێشت وەك نارەزایی دەربرین لەسەر یاسای ناوبراو. لەلایەکی تریشەوە، جەلال تالەبانی سەرۆك کۆماری عێراق رایگەیاند کەوا ئەم یاسایە پەسەند ناکات و سەرکردەکانی کوردیش ڕێنماییان دایە خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژ بەغدا زیاتر جێگای قبوڵکردنی وڵاتانی عەرەب و تورکیایە. هەر لەو بارەیەوە کۆندەلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی لە وتارێکیدا کە لە لایەن بەشی کاروباری دەرەوە بلاوکرایەوە وتبووی «ئاراستە کردنی سیاسەتی ئەمەریکا بەندە بە بەرژەوەندی و بەهاکانی». هەر لەسەر ئەمە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بە توانا تر بووە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان نەوەك هەرێمەکانی ئەو وڵاتە یان هۆزەکانی.

تائێستا سەرکردەکانی کورد توانای پارێزگاریکردنیان هەیە لەبەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان. ئەویش یەکەم: بە ڕێکخستنەوە و چاکسازی ناوخۆیی لە رووی سیاسییەوەو بەشداریپێکردنی ڕای گشتی لە پرسە چارەنووسسازەکان و کاراکردنی دامودەزگا حکومییەکانو دوور خستنەوەیان لە کاریگەریی حیزبایەتی. دووەمیش: هەوڵدان بۆ هێنانەدی کەشوهەوایەکی گونجاوی دیموکراسی و نیشاندانی هاوپەیمانی و پالپشتی بۆ حکومەتی ناوەندی مانای نزیکبوونەوەی زیاترە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مسۆگەرکردنی پشتگیری هاوسۆزیی نێونەتەوەییە.

نزیکبوونەوەی پارتە کوردییەکانو هاوپەیمانێتی نێوانیان لە دوای برینی قۆناغی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ مایەی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستانە. بۆیە دەبێ ئەو هاوپەیمانیەتە هەوڵ بێت بۆ یەکخستنەوەی گرووپە جیاوازەکان و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیکانی کورد. نەوەك ئامراز بێت بۆ بێدەنگکردنو لەناوبردنی بەرامبەر لە کاتی جیاوازی لە راوبۆچوونداٍ.

ڕێکخستنەوەی مالی سیاسی کورد بە دانانی دەستوور و پەیرەو کردنی سیستەمێکی دیمۆکراسی راستەقینە دەست پێدەکات. کە بەداخەوە پارتە سیاسییە سەرەکییەکان تاکو ئێستا نەیانتوانیوە لە سەر دانانی پێویست. چونکە ڕۆڵی ئەوان لەوە زیاترە کە تەنیا بە بەڵێ دەنگ لەسەر مەسەلەکان بدەنو بە پێی ڕێنمایی و بەرژەوەندیی حیزبەکانیان بجوڵێنەوە.

لەوەش زیاتر ژمارەیەکی زۆری شارەزا و بیرمەند و ئەکادیمی هەن کە پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێت و بەشداریان پێبکرێت لە پرۆسەکانی بریاردان. چونکە دیموکراسیەت تەنیا هەڵبژاردن نییە، بەڵکو توانای کەسە هەڵبژێردراوەکانە لەنوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستانو بەرژەوەندییەکانیان بە بەکارهێنانی میکانیزمی گونجاو.

گەلێ لە چاودێرە نێودەوڵەتیوەکان ئاماژە بەو جیاوازیوەی کە لە نێوان پرۆسەی بریاردان لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا هەیە دەکەن و دەڵێن دیموکراسیەت زیاتر لە نێو پەرلەمان و حکومەتی عێراق پەیرەوی لیدەکرێت نەوەك لە کوردستان. وەزیرەکان و ئەندامانی پەرلەمان عێراقی بوێرانەترن لە دەربرینی بۆچوونەکانیان گەر بێتوو جیاوازیش بێت لە گەڵ بۆچوونی پارتەکانیان، کەچی ئەمە لە نێو حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا نیەو. ئەمە لە کاتێکدایە کەوا کوردستان ئەزموونی سەربەخۆیی بە بەراورد لە گەڵ پارچەکانی تری عێراق نزیکەی ١٢ ساڵ زیاترە، بەڵام تا ئێستا لە ئاستێکی نزمتری دیموکراسیەت و سەربەخۆیی لە رادەربرشین دایە.

بۆیە کاراکردنی دامەزراوەکانی حکومەت لە کوردستان دەبێت لەگەڵ دارشتن و جێبەجێکردنی دەستوورەی هەرێم دەست پێبکات. چونکە سەرکردەکانی کورد ماوە ١٦ ساڵ دەرفەتی نووسینەوەی دەستورێکی تایبەت بەکوردستانیان لەدەستدا، بۆیە ئەو دەستوورەی کە ئێستا دادەڕێژرێت دەبێ گونجاو بێت لەگەڵ دەستوری عێراقی و یاسای نێودەوڵەتی. ئەمەش گرنگی کارکردنی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە دەردەخات کە بریتیە لە بەکارهێنانی دەستووری عێراقی بۆ گەیشتن بە مافەکان. وەك نمونەیەکیش بۆ ئەمە: دەبوایە سەرکردەکانی کورد پێداگیریان بکردایە لە جێبەجێکردنی مادە ١٤٠ بەر لە تەواوبوونی وادەکەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧، چونکە ئەو کات گەر حکومەتی عێراقی جێبەجێکردنی ماددەی ناوبراوی رەت بکردابایەوە ئەوا نوێنەرە کوردەکان لە پەرلەمانی عێراقی مافی ئەوەیان هەبوو پشت بە ماددەی ٩٠ ـی دەستوور ببەستن کە تایبەتە بە (ڕەوانەکردنی کێشەکە بۆ دادگای فیدراڵی) بۆ یەکلاییکردنەوەی.

بۆیە لە کۆتاییدا کوردەکان دەبێ ئەوە بزانن کەوا حکومەتی عێراقی بە لایەوە ئاسانترە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستان پشتگوێ بخات لەوەی دەستوور پێشێل بکات. کەواتە دەبێ کوردەکان ئەزموون لە مێژوو وەربگرن بەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا پشتگیری و ڕێز لەو نەتەوانە دەنێت کەوا خەمخۆری بەرژەوەندیی بەهاکانی خۆیانن و ڕێز لە یاساش دەگرن.

بەکورتی:

د.سەلاح عەزیز بروانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی زانستەکان- بەشی فیزیا لە زانکۆی بەغدا بە دەست هێناوە لە ساڵی ١٩٧٦
- هەردوو بروانامەی ماستەر و دکتۆرای لە زانستە فیزیاییەکان لە زانکۆی ئیندیانە – بلۆمنتۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵ ١٩٨٥- ١٩٨٨ بەدەستهێناوە
- دامەزرێنەری ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسییە لە ١٩٩١، بەرنامەی تۆڕێینەوە کوردییەکان لە زانکۆی فلۆریدا ١٩٩٦ هەروەها کۆمەلەی ئەمیریکی بۆ کورد لە ١٩٩٧

هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرامبەر کورد گۆڕاو پشتگیریی خۆی بۆ بەغدا زیاتر کرد، چونکە ئەمریکا دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ حکومەتێکی بەهێز لە بەغدا بکات و ئەو حکومەتەش توانای بڕیاردانی هەبێت لە ئاسایش: ئاسایش، نەوتو مانەوەی دووری مەودای سەربازی لە عێراقدا

کوردستان ئەزموونی سەربەخۆیی بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تری عێراق نزیکەی ١٢ ساڵ زیاترە، بەڵام تا ئێستا لە ئاستێکی نزمتری دیموکراسیەتو سەربەخۆیی لە رادەربرشین دایە